وەزارەتی گواستنەوە ڕایگەیاند کە شەستەی نمرە 2ی لەبەندەری فاوی گەورە تەواوکردووە



وەزارەتی گواستنەوە ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە شەستەی ژمارە 2 ی لەبەندەری فاوی گەورە تەواوکردووە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەت

لەبەیاننامەیەکدی وەزارەتدا هاتووە ,, بەپێی ڕێنماییەکانی وەزیری گواستنەوە ڕزاق محەبس سعداوی لەگەڵ دەسپێکی ساڵی تازە تەواوکردنی شەستی نمرە2 ڕاگەیەنرا کە بەڕێژەی 85٪ ئەنجامدراوە . وتیشی کارکردن لەبەندەری فاوی گەورە بەپێی گرێبەستەکان بەڕێوەدەچێت و کارەکانی پێنج شەستەکە و پڕۆژەکانی دی بەگەرموگوڕی و خێرایی ئەنجامدەدرێت.

ئاماژەشی بەوەکرد کە پڕۆژەی وەستگەی کۆنتێنەرەکانی فاو یەکێکە لە پڕۆژەکان و پێنج شەستی زەبەلاح لەخۆدەگرێت، بەدرێژی 1750 مەتر ، گۆڕەپانی کۆنتێنەرەکانیش بەدرێژی 2000 مەترو بە پانایی 600 مەتر بەتوانای دوو ملیۆن کۆنتێنەری ساڵانە ئەنجامدەدرێت.